# تاكی ئازاد و كۆمەڵگەی ئازاد

**" پێم دەڵێن ئەگەر كۆیلەیەكت بینی خەوتووە هەڵیمەستێنە نەبادا خەون بە ئازادییەوە ببینێ، منیش دەڵێم ئەگەر كۆیلەیەكت بینی خەوتووە وەئاگای بێنەو باسی ئازادی بۆبكە" تشیڤارا**

**محەمەدی مشیر**



تاكی ئازاد كۆمەڵگەیەكی ئازاد بنیاتدەنێت، كۆمەڵگەیەكی ئازادیش تاكی ئازاد بەرهەمدێنێت.ئازادەكان رەوانتر و هۆشیارانەتر گوزارە لە ویست و حەزەكانیان دەكەن و دەشێ تاكێكی كارا و داهێنەریان لێبێتەبەرهەم ، دەرەنجام دەشێ كۆمەڵگەش ئەوپەڕی سوود لە داهێنانی تاكە ئازادەكانی وەرگرێ هەنگاو دوای هەنگاو پێشكەوێ و گەشەبكات. پەیوەندی نێوان هەردوولای ئەم هاوكێشەیە ئەو كاتە بەرهەمی دەبێت كە هەر لایەكیان پابەند بێت بە سنووری ئازادییەكانی ئەویتر و پێشێلی نەكات. پێشێلكردنی ئازادییەكانی هەرلایەك لەلایەن ئەویترەوە كاردەكاتە سەر كارەكانی ئەویدیكە و زۆرجاران پلان و پرۆژەكانی چاكسازی پووچەڵدەكات.پاراستنی شیرازەی پەیوەندی هەردوولا لەهیچەوە دروست نابێ و بە ئاسانیش سەرهەڵنادات، بەتایبەتیش ئەگەر كۆمەڵگاكە وەك ئەوەی خۆمان ئاسا تازە ئەزموون بێ و پێشینەیەكی ئەوتۆی لە بواری ئازادییەكاندا نەبێت. پرسی ئازادی و رادەربڕین لە هەر ئەزموونێكی تازەدا لە لایەن دەسەڵاتەوە ترسێكی گەورەی لەپشتە كە سنوور بۆ دابینكردن و پەلهاوێشتنی ئازادییەكانی تاك و كۆمەڵگە دادەنێت و لە رێگەی یاسا و بە قانوونكردنەوە هاوبەست لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای لایەنی دەسەڵاتدار هەندێكیان لە چوارچێوەی ئاداب و سیستەمی گشتی بەرزەفت دەكا و هێڵی سووریش بۆ هەندێكی دیكەیان لە نێو دەقی یاسا و رێنمایی و رێساكاندا دەستنیشاندەكات.

لە كۆمەڵگەی ئێمەدا هەر ئەوە نییە كە دەسەڵات پارسەنگی ئازادییەكانی وەكو پێویست پێڕاناگیرێ و لەم بوارەدا كەمئەزموونە، بەڵكو گەلێ لایەن و توێژی كۆمەڵگەش لەولاوەی دەسەڵاتەوە ئەم دەرفەتە دەقۆزنەوە وئازادییەكانی تاك بە مەترسییەكی گەورە بۆ سەر چارەنووسی خۆیان دەزانن و تابكرێ بەناوی ئاداب و نەریتی گشتییەوە رێگەیان لێدەگرن و پێشێلیان دەكەن. توێژگەلێكی پارێزكار و توندرەو خۆی بە سانسۆریستێكی ئەزەلی دەزانێ و لەویوە رەوایەتی دەبەخشێتە كارە دژ بە ئازادییەكانی و هەرگیز نایەوێ كۆمەڵگە لە چوارچێوەی داب و نەریتە پارێزكارە باڵادەستەكان دەربچێ و ئەو سنوورە ببەزێنێ. هەمیشەش لە لەپێ ئاوی ئازادیدا دەخنكێ ، لەگەڵ بیستنی هەر دەنگێكی ئازاد پەلەقاژەیەتی و لە گەڵ توێژەكانی دیكەی كۆمەڵگە هەڵناكا.ئەو توێژگەلە بە ئاشكراو بە بەرچاوی دەسەڵاتەوە نایشارێتەوە كە بەزاندنی ئەو سنوورانە بە هەڕەشەیەكی ترسناك بۆ سەر خۆیی و پاشخانە فیكرییەكانی لە قەڵەمدەدا و لەم نێوەندەشدا دەسەڵات بە شێوەیەك لە شێوەكان بێهەڵوێست و خەمسارد دێتە بەرچاو و زۆر جارانیش دەیان لاوێنێتەوە. لاواندنەوەی ئەو توێژگەلە لە لایەن دەسەڵاتەوە كارێك نییە لە دەرەوەی پێشێلكردنی ناڕاستەوخۆی ئازادییەكانی توێژ و چینەكانی دیكەی كۆمەڵگە بێت. بەمەش ئازادییەكانی زۆرینەی كۆمەڵگە دەبێتە قوربانی لاواندنەوەی توێژگەلێك كە پێویستە خۆیان رابهێنن ئازادییەكان قەبوڵ بكەن نەك بلاوێنرێنەوە.ئەگەر ئەوان لە ژێر پەردەی (ئاداب و نەریتی گشتییەوە) سنوور بۆ ئازادییەكان دابنێن دەبێ ئەوەش بزانن كە ئاداب و نەریتی ئازادیخوازانەش رێگەیان پێنادا سنووری ئازادییەكانی زۆرینەی كۆمەڵگە ببەزێن.

كۆمەڵگەی ئازاد پتر لە تیمێكی سمفۆنیا دەچێت، كە پێویستە ئەندامە ئازادەكانی بە عیشقەوە وێڕای

تایبەتمەندی و پسپۆڕی جیاوازییان لەخزمەتی سەرکەوتنی کاری تیمەکەدا کاربکەن، بەڵام زۆرجاران دەرەنجامی هەڵوێستی چەوتی ئەندامێکی تیمەکە یان کورتبینی مایسترۆ ئاوازی سمفۆنیاکە ناحەز و ناشرین دەبێ ، دەرەنجام رەنجی مەشقەکانی پێشتری هەموو ئەندامەکانی دیکەی تیمەکەش بەبا دەچێ و کورد گوتەنی (( ریسەکە دەبێتەوە خوری))!!